تاقیکردنەوەکانی ناوەندەکانی خوێندن چەمچەماڵ دوادەخرێن



وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم رایگەیاند، بەهۆی بەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانیان راسپاردوە، تاقیکردنەوەکانی وەرزی یەکەمی ناوەندەکانی خوێندنی سنوری قەزای چەمچەماڵ بۆ مانگی (کانونی دوەم/1)ی 2026 دوابخات.

سامان سیوەیلی وتەبێژی وەزارەتی پەروەردە لەڕاگەیەندراوێکی رۆژنامەوانیدا بڵاویکردەوە، "بەهۆی چاوکردنی بەرژەوەندی گشتیی مامۆستایان و قوتابیان و خانەوادەکانیان، وەزارەتمان بەهۆی بەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی ڕاسپاردوە بۆ دواخستنی تاقیکردنەوەکانی وەرزی یەکەمی ناوەندەکانی خوێندنی سنوری قەزای چەمچەماڵ بۆ مانگی (کانونی دوەم/1) ساڵی 2026.

پێشتریش ژمارەیەک لە مامۆستایان نامەیەکیان ئاڕاستەی ئالان حەمەسەعید وەزیری پەروەردە کردبو، تێیدا داوایانکرد، بۆ هێی دروستبونی لافاوەوە زیانێکی زۆر بەر گیان و ماڵی هاوڵاتیانی چەمچەماڵ کەوتوە، هێشتا مەترسییەکە لەناو نەچوە و لە هەر کاتکدا بێت، ئەگەری دروستبونەوەی هەیە، کە ئەمەش وایکردوە هاوڵاتییانی ئەم سنورە لە دڵخێکی دەرونیی زۆر خراپدا بن، لەنۆیشیاندا مامۆستایان و خوێندکاران، بیەوێ داوادەکەن، بۆ پاراستنی

مافی خوەندکارانی ئەم سنورە لەزامەندیی بدەیت بەوەی تاقیکردنەوەکان لە سنوری پەروەردەی چەمچەماڵ دوابخرێت".